SORANI
180911

# زانیاری بۆ نەخۆش

## بەنجی ناوچەیی بە ئێملە پێش دانان و دەرهێنانی چیلکەی ڕێگرتن لە دووگیانی (P-stav)


دەتوانرێت پلاستەری ئێملە بەبێ ڕەچەتە لە دەرمانخانە بکڕرێت و دەشێت **دوو کاژێر** پێش سەردانەکە بدرێت لە شوێنەکە بۆ ئەوەی باشترین کاریگەری هەبێت. لە حاڵەتی دانان و گۆڕینیدا پێویست بە دوو پلاستەر دەکات و لە حاڵەتی داناندا تەنها یەک پلاستەر.
P-staven یەکسەر دەخرێتە ژێر پێستەکەوە لە دیوی ناوەوەی ئەو بازووەی کە زاڵ نیە (واتە: ئەو باڵەی کە شتی پێنانوسیت).

لە ئاستی ئانیشکدا ڕەقەڵەیەکی ئێسک هەیە. بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە پەنجەت لەسەر ئانیشکت بە لاری بجووڵێنە بەرەو لای ناوەوەی لەشت.




### لە حاڵەتی دانانی p-stav دا


دەشێت پلاستەرەکە لە دووری ٨-١٠سم لە ڕەقەڵەی ئانیشکەوە لێبدرێت.




لە حاڵەتی بەکارهێنانی دوو پلاستەری ئێملەدا، قەراغی پلاستەرەکان بنێ بەیەکەوە بە شێوەیەک کەوا بازنەخرە بەنجاویەکان لە ڕێکی یەکترین، تکایە بڕوانەرە وێنەکە.




## دەرهێنانی p-stav



لە حاڵەتی دەرهێنانی p-stav دا،
پلاستەرێ بدە لە بەشی خوارەوەی p-stav ەکە.

## گۆڕینی p-stav



لە هەمان ئەوشوێنەدا داینێ کە کاتی خۆیی داتنا.
هەوڵدە پلاستەری یەکەمیان ١ سم لەبەردەمی چیلکەی ڕێگرتن لە دووگیانیەکەدا دانێیت.

## کرێمی ئێملە (Emla-kräm) بۆ بەنجکردن

لە حاڵەتی بەکارهێننای کرێمی ئێملە بۆ بەنجکردن، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە پێڕەو بکە:

- دەشێت کرێمەکە بدرێت لە بەشی خوارەوەی ئەو بازووەی کە "زال نیە" (بۆ نموونە : ئەگەر دەستی ڕاستت زاڵە، دەشێت چیلکەکە بدرێت لە باڵی چەپ) نزیکەی دوو کاژێر بەر لە سەردانەکە.
- هەموو ناواخنی تیوبەکە بە توێژێکی ئەستور بدە لەو شوێنەی چیلکەکەی تیا دادەنرێت (بڕوانە وێنەکە).
- کرێمەکە بە پلاستەرێک داپۆشە (زوربەی کات لە پاکەتەکەدا لەگەڵیدایە). ڕەنگە بۆ ئەمەیان پێویستت بە یارمەتی هەبێت.